

سیمبەگوێرە زۆر پەشۆکاو بوو. ئەو بڕیاری دا کە لە ماڵ ڕابکا.
سیمبەگوێرە پارچەیەکی لە پتۆکەی دایکی و هەندێ خواردنیشی
پێچایەوە و ماڵەکەی بەجێهیشت. ئەو بەو ڕێگایەدا. ڕۆشت کە باوکی
بەوێدا ڕۆشتبوو.





ئەو ژنە سەری بەرزکردەوە و تەماشای درەختەکەی کرد. کاتێ چاوی
بە کچە بچوکەکە کەوت کە پارچەیەك پتۆشی پێ بوو، هاواری کرد:
سیمبەگوێرە، برازاکەم! ژنەکانی دیکەش دەستیان لە جل شوتن
هەڵگرت و یارمەتی سیمبەگوێرەیان دا کە لە درەختەکە بیهێننە.
خوارێ. پووری سیمبەگوێرەی لە باوەشی گرت و هەوڵی دا
بیلاوێـنـێـتەوە.



کاتێ خۆر ئاوا بوو، سیمبەگوێرە بەسەر کەوت بۆ سەر درختێکی بەرز کە لە نزیك دەریاچەیەك بوو. لەسەر لقێکی درەختەکە جێگا خەوی خۆی ئامادە کرد. سیمبەگوێرە بەر لەوەی خەوی لێ بکەوی هەر گۆرانی دەکووت: دایە، دایە، دایە، تۆ بە جێت هێشتم. تۆ بەجێت هێشتم و ئیتر نەگەڕایەوە. باوکم چی دیکە منی خۆش ناوێ. دایە تۆ کەی دێیتەوە؟ تۆ. بە جێت هێشتم.





بەیانی داهاتوو سیمبەگوێرە دووبارە گۆرانیەکەی خوێندەوە. کاتێك ژنەکان هاتن بۆ ئەوەی لە دەریاچەکە جل وبەرگ بشۆن، گوێیان لە گۆرانیەکی خەمناك بوو کە لە بەرزایی درختەکانەوە دەنگی دەهات. ئەوان وایان زانی ئەو دەنگە بە هۆی لەرەی بەرگی درەختەکانەوەیە کە با دەیانجولێنێ، بۆیە بەردەوام بوون لە سەر کارەکەی خۆیان. بەڵام یەکێك لە ژنەکان زۆر بە. ووردی گوێی بۆ گۆرانیەکە ڕاگرت.